# بەرەو بەدەزگەبوونی کارەکان

ـ د. ئەحمەد قەرەنی ـ

لە سەرەتایەکی نادیارەوەو تا چواریەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش، هەندێك بیروڕای نیمچە زانستی هەبوون وایان بیردەکردەوە کە کورد نەتەوە نییەو، گۆمانیان لە سەربەخۆیی زمانی کوردیش دەکرد.

ئەم بۆچوونە لای کورد تاوانێکی گەورە بوو، بەپەرچدانەوەیشی بە ئەرکێکی نشتیمانی ـ نەتەوەیی دەزانی. لای ئەوانی دیکەش ئەم بۆچوونە مافێکی ڕەوا بوو، بەڵکو بە خزمەتێکی زانستییان دادەنا.

ئەم هاوکێشەیە ڕۆژ بە ڕۆژ تۆندتر دەبوو، هەویرەکەیشی ئاوێکی زۆری دەکیشا... لە ئەنجامدا هەردوو لایەن لە ناوەڕاستی ڕێگەیەکی پڕ گەڕان و پشکنیندا گەیشتنە بڕوایەکی یەکلاکەرەوەو، تەم و مژاوی کێشەکەیان بەم شێوەیە ڕەواندەوە: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە بەلاّم کەلەپوورێکی مەعریفی ـ ڕۆشنبیریی نووسراوی ئەوتۆی نییە کە زانا و توێژەران وەکو سەرچاوەو کەرەستەیەکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سوودی لێوەرگرن.

کورد خاڵی لاوازی خۆی دۆزیوەتەوەو، کەلەپووری خۆی بە شێوەیەکی زانستی خستووەتە بەردەست و، لە دووتوێی سەدان کتێب و هەزاران لێکۆڵینەوەدا ساغ کراوەتەوەو، لە میانی کەمتر لە سەد ساڵدا بووەتە نەتەوەیەکی خاوەن کەلەپوورێکی دەوڵەمەندو جێگای خۆی لە پلەیەکی هەرە پێشەوەی گەلانی گێتیدا کردووەتەوە، کە ئەمڕۆ هەر کوردێك شانازی پێوە دەکات و، تەنانەت دراوسێکانیشیان پێی سەربلندن و تا ڕادەیەکی زۆریش لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانیاندا سوودمەندن.

لەم ڕووەوە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) پرۆژەیەکی فراوانەو، پێگەی خۆی لەسەر نەخشەی ڕۆشنبیریی کوردستان کردووتەوەو، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کۆکردنەوەی کەرەستەو خستنەڕووی بەڵگەکان هەیەو، ڕێگە بۆ لێکدانەوەی بەرهەمە دێرینەکان و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانیان خۆش دەکات و، کارە ڕاگەیاندنەکەیشی لەسەر ئاستێکی زانستی ـ فۆلکلۆری بەڕێوەدەبات، کە پەیامەکەی لەگەڵ قۆناغی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی گەلی کوردستان دەگونجێت، بۆیە شایستەی ئەوەیە کە وەکو دەزگەیەکی ڕاوێژکاری ـ کەلەپووری سەیربکرێت. بنەما سەرەکییەکانی بەدەزگەبوونەکەیشی لە دوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت: **یەکەمیان**، کەڵەکەبوونی شارەزایەکی باش لەبارەی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی فۆلکلۆرە. **دووەمیان**، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەری خاوەن ئەزموون و فۆلکلۆریستە لێهاتووەکان لە دەوری

کۆبوونەتەوەو، بە ڕەنج و بەرهەمەکانیانەوە بەردەوام لاپەڕەکانی گەشترو دەوڵەمەندتر دەکەن و، ئەویش بە شانازییەوە ئەم ئەرکە نشتیمانی و زانستیەی لە ئەستۆ دەگرێت.